ئازادی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە (٥١) پاییز (٢٠٢٦)

سیاسیـــــة، اجتماعیة فصلیة


# گۆڤارێکی هـزری، سیاسی، جڤاکیی، وەرزییە



## کۆمین بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایک



## بۆکچین و ئۆجالان: دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ



## ڕۆژئاوای کوردستان: لە بەرداشی دەوڵەت - نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆ لەگەڵ ئاهین عەلی

## هزرینی ئۆجالان: پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد

## سرووشت وەک بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین

## شکستی حوکمرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک

سیڤان سەعید



ڕێزێک بۆ

## شەهیدانی حەلەب

2026

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکـات.


گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥١ پاییز ٢٠٢٦




شەهیدان:

زیاد حەلەب

دەنیز چیا

ڕۆژبین ئامارا

دلبرین قامیشلۆ

هاوار قەندیل

فەراشین عەفرین

**بەشداران**
جەمیل بایک
وریا ئەحمەد
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
هەیفا کەمال
هێمن کاکە
ئازادە ڕەحمانیی
دەشتی مەحموود
سوورێن ئیبراهیم
هەردی دولبەر

**دیزاین**
گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**
چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**
٥٠٠دانە

**نرخ**
٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**
پاییز ٢٠٢٦
**٥١**



**دەستەی نووسەران:**
نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**
د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**
گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**
ئەحمەد باجەلانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

کۆمین؛ بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایك ........ ٩

هزرینی ئۆجالان؛ پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد ........ ٣١

سرووشت وەك بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین ........ ٧٧

لە تاکگەرایی لیبراڵەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ

عەلی ئەحمەد ........ ١٠٩

پاراستنی جەوهەری، بنەمای ناسنامەی ئازادە

زەینەب یەشیل ........ ١٦٥

بۆکچین و ئۆجالان؛ دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ ........ ١٩٧

سەبارەت بە ڕەگەتۆڕ، فەزای تەخت، ماشێنە جەنگییەکان و میدیای نوێ

ڤێرینا ئەندرمات ........ ٢٢٣

شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك

سیڤان سەعید ........ ٢٥١

ڕۆژئاوای کورستان؛ لە بەرداشی دەوڵەت – نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆی ئازادیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئاهین عەلی ........ ٢٨٩

ئەو کوڕەی نایەوێت ببێتە پاشا!

سوورێن ئیبراهیم ........ ٣١٥

ڕانانی پەرتووکی مانیفیستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی

هەردی دولبەر ........ ٣٤٣

FREEDOM OF SOCIETY


## پێشەکی:

دەسەڵاتە ناوەندییە کلاسیکییە، ناکۆمەڵگەیی و باوکسالارییەکان، لەسەر لێواری خەرەندێکن، چونکە شتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری دەرهێناوەتەوە، شتێک کە لانیکەم لە سەد ساڵەی قەسابخانەی دەوڵەت–نەتەوەدا هەمیشە لابراوە: کۆمەڵگە. کۆمەڵگە بەپێی ڕاستینەی خۆی و چاندەکەی، تا دێت ناپێویستبوونی پەرگاڵە ناکۆمەڵایەتییە دەسەڵاتگەرەکانی لا ڕوون دەبێتەوە.

هەر ئەمەش پێش کردە و جووڵە، پێویستیی بە وەڵامێکی تیۆریی و دارشتنەوەیەکی تری سیاسیی و کۆمەڵایەتییە وەک نەخشەڕێی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەرانبەر هەرسێ ئەسپسوارە مەحشەرییەکە: سەرمایەداریی و پیشەسازگەرایی و دەوڵەت–نەتەوە.

لەم گێژاوەدا، ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان لە پێواژۆی خەباتی سەدساڵەی سۆسیالیزمدا، سەرچڵییەکی تیۆریی دەکات؛ ئەو وەک هەڵهێنانی مەتەڵی ستەمکاریی، بە گوێی کۆمەڵگەدا دەچرپێنێت: «تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتیی، بریتییە لە ململانێی نێوان کۆمۆن و دەوڵەت». شەڕی چینێکی سەردەست و زۆرینە لەگەڵ جڤاکە هەمەچەشنە چەوسێنراوەکەی کۆمەڵگە.

ئەم ژمارەیەی «ئازادیی کۆمەڵگە» ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ ململانێی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتە چەپۆکسالارەکانی دەوڵەت و سەردەستەکان، کە تێیدا ڕێگەی ڕزگاریی بە ئازادیی ژن و ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیک دەستەبەر دەکرێت. ژمارەکە بە خوێندنەوەیەکی بنکۆڵئاسا و هەمەلایەنەی کۆمین وەک وەڵامی دەسەڵاتگەریی کەمینەی دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات و تا ڕوانگەی چارەسەرسازی کۆمۆناڵ و ڕۆڵی میدیا و ئەگەری ڕزگاریی لە تۆڕەکانی چاودێریی دەسەڵات درێژ دەبێتەوە. هەروەتر، هەوڵی درووستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پێشەنگانی ئەنارشیست دەدات و بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ دوامانیفێستۆی ڕێبەر ئۆجالان، ئاسۆی بەرجەستەکردنەوەی سیاسەتی کۆمۆناڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەخاتە ڕوو.




# ڕانانی پەرتووکی

## مانیفیستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی

هەردی دولبەر

٢٧ـی شـوباتی ٢٠٢٥ لـە مێـژووی تێکۆشـانی کـوردا، ڕۆژێکـی گرنـگ بـوو، چونکـە لـە دوای دەسـتگیرکردنی ڕێبـەر ئاپـۆ لـە ١٥-٢-١٩٩٩، بـۆ یەکەمجـار، لـە ڕێگـەی لێداوانێکـی ڤیدیۆییـەوە بـە ٧ خاڵ، جارێکی دی دەرگای گفتوگۆی بە ڕووی دەوڵەتی تورکیا بۆ چارەسـەری ئاشـتییانە کـردەوە؛ ئـەو نـاوی قۆناغەکەی بـە ’کۆمەڵگەی دیموکراسـیی و ئاشـتیی‘ ناودێر کـرد. لەمبـارەوە ڕێبـەر ئاپـۆ دەڵێت: ”چارەسـەری ’نەتـەوەی دیموکراتیـک‘ دەبێتـە بناغـەی ئـەم پڕۆسـەیە. دیدگای چارەسـەری سیسـتەمی دیموکراتیی؛ نەتـەوەی دیموکراتییـە. لـە دەقـی بانگەوازەکـەدا بـە ئاشـتیی و کۆمەڵگـەی دیموکراتیـک ناوزەدمـان کـردووە. هەردووکیـان هەمـان شـتن و هەمـان مانـان“.

### ١. دیالەکتیکی سرووشت

سـەرەتای مانیفیسـتۆی کۆمەڵگـەی دیموکراسـیی و ئاشـتیی بـە شـیکاری ’دیالەکتیکـی سرووشـت‘ دەسـت پـێ دەکات. ڕێبـەر ئاپـۆ؛ جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە بـوون پێـش هەمـوو واتایەکـە. لەمبارەوە دەڵێت: ”لـە دەرەوەی بـوون، مـرۆڤ ناتوانێت باسـی هیـچ واتایـەک بکات“. بۆیـە واتـای سرووشـت لـە پەیوەندیـی نێوان مـرۆڤ و ’من‘ـدا دەدۆزرێتـەوە. دەڵێت: ”بـە ڕای مـن، ئەو خاڵەی کە فەلسـەفە دێت و پشـتی پـێ دەبەسـتێت، لێرەدایـە“. بۆیـە ڕێبەر ئاپـۆ چەمکەکانی وەک ”نیرڤانـا(i)، کاسـت(ii)، ڕۆح، و فەنافیـلا“ وەک گوزارشـتەکانی

(i) نیرڤانا؛ چەمکێکی سەرەکییە لە فەلسەفەی بوودیزم، کە بە واتایی ‹خامۆشبوون یان نەمان› دێت، کە گوزارشتە لە پەروەردەکردنی ‹ئارەزوو، تووڕەیی، نەزانیی و ئازارەکانی مرۆڤ›.

(ii) کاست؛ سیستەمێکی چینایەتییە و لە هیندستان باوبووە، لەمڕۆدا بە یاسا قەدەغە کراوە. ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای لە دایکبوون بنیاد نراوە و کاریگەریی زۆر نەرێنیی لە سەر پارچەکردنی کۆمەڵگە داناوە.

’من‘ لە کەلتووورە جیاوازەکاندا بەرباس دەدات و سنووردرابوونی ڕەهایی بە نموونەی هاوکۆڵکەی جینی(أ) ڕوون دەکاتەوە.

ڕێبەر ئاپۆ خودا لە ئایینی ئیسلامدا بە وزەوە پەیوەست دەکات و وەک چڕبوونەوەیەکی وزە پێناسەی دەکات کە هەموو شتێک دروست دەکات. ئەمەش لە چوارچێوەی تیۆری کوانتەمدا دەخاتە ڕوو. دەڵێت: ”خودا چڕبوونەوە و قووڵبوونەوەیەکی وزەیە. هیچ شوێنێک نییە کە وزەی زۆری لێ نەبێت و کاریگەریی دانەنابێت“. بۆیە لە ڕوانگەی ڕێبەر ئاپۆوە، ”لە جیهانی کوانتەمدا ’بنەمای نادڵنیایی‘ وزە هەیە“. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوانگەی ڕێبەر ئاپۆدا دەتوانین لەو هەقیقەتە تێبگەین کە واتا تەنها کاتێک ئەگەردارە کە بێواتایی هەبێت، لەمبارەوە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: ”لەو شوێنەی بێواتایی لێ نەبێت، واتاش بوونی نابێت. بۆیە واتا بەگوێرەی بێواتایی دەپێورێت. کێشەی کوردیش ئاوایە. ئەگەر لە کێشەی کورددا بێواتاییەک نەبووایە، ئایا دەمانتوانی واتایەکی وا مەزن بخولقێنین؟“. لێرەوە باشتر لە کێشەی کورد تێدەگەین کە چۆن بێواتاییەکی زۆر گەورە بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی واتایەکی گەورە. وەک شەهید عەلی حەیدەر قەیتان لە پەرتووکی ’ئاپۆکالیپسی کورد‘دا دەڵێت: ”ئێمەی ’گەریلا‘ هەوڵ دەدەین لە شوێنێکدا، لە داهاتوودا، لە ڕەوتی ژیانماندا، واتایەک بۆ بوونمان بیهێنینە بوون“. تەڤگەری ئاپۆیی لە نێو ڕووخان و ماڵوێرانییەکی کوردییدا سەری دەرهێنا و بوو بە بڵندگۆیەک، لەم بارەوە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: ”من هەستم بەو دۆخە کردووە. ئەم هەستپێکردنە منی گۆڕیوە بۆ

(أ) هاوکۆلکەی جینیی (بۆهێڵ)؛ زاراوەیەکە بە شێوەیەکی فراوان لە بوارەکانی زانستی بۆماوەیی و کشتوکاڵدا بەکار دێت.

هەوڵدانێک. واتە مەراق. بۆ تێپەڕاندنی ئەم مەراقە، پەردەکانی سەر دیاردەی کوردستانم هێدی هێدی دڕاندووە. ئەمڕۆ دیاردەیەک لە واتا هاتووەتە ئاراوە".

ڕێبەر ئاپۆ جارێکی دی بە فراوانیی باسی پەیوەندیی نێوان فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحی هێگڵ و فەلسەفەی ئیسلامیی دەکات، و ٩٩ سیفەتەکەی خودا بە دارشتنەوەیەکی گەورەی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح شیکار دەکات و دەڵێت: " فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح دیاردەیەکە لە دۆخی سرووشتیدایە. ئێمە ئەمڕۆ هەموو شتێک بە وزە ڕوون دەکەینەوە. حەزرەتی محەمەد ئەمە بە خوا ڕوون دەکاتەوە". ڕێبەر ئاپۆ، ڕەخنە لە 'مێشکی ناوەڕاست'ی کورد دەگرێت بەوەی شێوازی بیرکردنەوەی کورد هەستەکییە. دەڵێت: "ئەو بیرکردنەوە هەستەکییەی کورد کەمێکی تر پێش بخرێت، بە تەواویی دەگۆڕێت بۆ دۆگمای ئایینیی".

لەم مانیفیستۆیەدا ڕێبەر ئاپۆ بە شێوازێکی فراوان، تێڕامانێکی فەلسەفیی قووڵ لە گەشەسەندنی بیرکردنەوەی مرۆڤ، لە ‹میمێتیک›ەوە تا ‹دیالەکتیک› شرۆڤە دەکات. سەرەتا، باسی دیالەکتیکی مادده و وزە دەکات، وەک لە فۆرمولەکەی ئەنیشتایندا ($E=MC^2$) ڕوون کراوەتەوە، کە وزە دەگۆڕێت بۆ مادده و بە پێچەوانەشەوە، ئەمەش بنەمای درووستبوونی گەردوون و پەرەسەندنی زیندەیی پێک دەهێنێت. لەمبارەوە دەڵێت: «ئەوەی لە گەردووندا بنەڕەتییە، گۆڕانە». وەک تێبینییەک بۆ ئەو گۆڕانکارییەی ‹پەکەکە› ڕێبەر ئاپۆ ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت: «من بە بەرپرسانم وتووە کە مەبەستم هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە

نییە، بەڵکو گۆڕینییەتی». زۆر بە ڕوونیی ڕێبەر ئاپۆ ئاماژە بەوە دەکات کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەستکاریی خاڵێک لەو حەوت خاڵە کراوە. وەختێک چاو لە مێژووی پەکەکە دەکەین، زەحمەتی لە بینینی ئەو هەموو گۆڕانکارییانە دەکەین وا لە ڕێوڕێبازدا ڕوویان داوە، ئەمەش نموونەی زیندووبوونی ئەو تەڤگەرەیە. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ پرسیار لەبارەی سرووشتی زیندەیی و چۆنیەتیی سەرهەڵدانییەوە دەکات، ئاماژە بەوە دەکات؛ «کە ژیان و مردن لە سەر ئاستی خانەکان پێکەوە ڕوو دەدەن و پەیوەندیی نێوان خانەکان بنەمای کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤە».

دواتر، تیشک دەخاتە سەر ‹دیالەکتیکی بیر›، کە بە چەمکێکی نادیار دادەنرێت و دەپرسێت؛ «ئایا بیر ماددەیە یان نا؟ ئەگەر ماددە نەبێت، چییە؟». بیرۆکە فەلسەفییەکانی هێگڵ، ئەفلاتون، مارکس و حەزرەتی موحەممەد بەراورد دەکات لەبارەی بنەمای گەردوون و پێگەی بیر تێیاندا. هەروەها ڕێبەرایەتیی جەخت لەسەر ئەو نهێنییە زانستییانە دەکاتەوە وا هێشتا ماون، وەک دروستبوونی ئەتۆم و ماددەی تاریک و بانگەواز بۆ بەردەوامبوون لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و دەڵێت: «دەکرێت بیر لە بەردەوامی فراوانبوونی گەردوون بکرێتەوە، بەڵام لەوانەیە تەسکبوونەوە و داڕمانیش هەبێت، بەڵام پێم وانییە شایەتی ئەوە هەبێت».

باسکردن لە شێوازەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ بە درێژای مێژوو، یەکێکی دیکەیە لەو پرسانەی سەرۆکایەتیی هەڵوێستەی لەبارەوە کردووە، لە نموونەی بیری میمێتیک ‹لاساییکەرەوە› کە سەرەتاییترین شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤە، لە غەریزەوە نزیکە و لە لاساییکردنەوەی جووڵەکانی نێو سرووشتەوە بەرجەستە دەبێت.

١- میتیکی (ئەفسانەیی): قۆناغی دروستبوونی خەیاڵ و هێما بۆ ڕوونکردنەوەی جیهان، کە دەروازەیەکە بۆ ئایین. لەمبارەوە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: «بۆ تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی سەرەتایی مرۆڤ، دەبێت لەم بیرکردنەوەیە تێبگەین.

٢- ئایینیی و فەلسەفیی: تێگەیشتنێکی ڕێکخراوترە بۆ جیهان، کە فەلسەفە وەک قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە ئایین دادەنێت و ئاماژە بە کاریگەریی فەلسەفەی یۆنانیی دەکات. ڕێبەر ئاپۆ بە فەلسەفەی زەردەشتییەتی دەچوێنێت، هاوکات ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: «زەردەشتییەت نیوەی فەلسەفەیە و نیوەکەی تری ئایین. تەنانەت یۆنانییەکان سوودیان لە زەردەشت وەرگرتووە».

٣- دیالەکتیک و مارکسیزم: ئەم پرسە بە شێوازێکی فراوان لەلایەن ڕێبەر ئاپۆوە شیکار کراوە و باس لە گەشەسەندنی دیالەکتیک دەکات لە هێراکلیتۆسەوە تا هیگڵ و ئەنگڵس. ڕەخنە لە مارکسیزم دەگریت بەهۆی ‹پرۆلیتارییکردنی دیالەکتیک› و لەناوبردنی لایەنێک، لە کاتێکدا دیالەکتیک دەبێتە هۆی درووستبوونی ‹بوونێکی باڵاتر› لە پێکەوەهاتنی لایەنەکاندا و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ‹یەکسانیی ڕەها› و ‹هاوسەنگیی ڕەها› بوونیان نییە و ‹جیاوازیی› و ‹نایەکسانیی دیالەکتیکیی› بنەمای گەشەسەندن و فرەچەشنین. لە کۆتاییدا، وەک ڕێچارە پێشنیاری ‹سۆسیالیزم لەسەر بنەمای ئەخلاق-سیاسەت› و ‹نەتەوەی دیموکراتیی› دەکات، ئەمەش وەک چارەسەرێک بۆ کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان.

لە کۆتایی ئەم پرسەدا ڕێبەر ئاپۆ ڕوانگەیەکی وا لەبارەی

ئـەم مـژارەوە دەخاتـە ڕوو کـە؛ ‹دیالەکتیـک، واتـە پەیوەندیـی و پێکەوەبەسـتراویی، بنەمـای بوونـە و نابێـت وەک شـتێکی سـەیر سـەیر بکرێـت›. جەخـت لەسـەر گرنگیـی جیاوازیـی و فرەچەشـنیی سرووشـتی یەکـەم و سرووشـتی دووەم دەکاتـەوە وەک بزوێنـەری سـەرەکیی گەشەسـەندن.

پاشـان شـیکارێکی قووڵـی شکسـتی سۆسـیالیزمی بنیادنـرا لـە هەمبـەر هەژموونـی سیسـتەمی سـەرمایەداریی دەکاتـەوە، ئەویـش بـە تیشـک خسـتنە سـەر ڕۆڵـی چەمکـی ‹کاسـت› و ‹بکـوژی کاسـتیی› وەک بنەمایـەک بـۆ تێگەیشـتن لـە پێکهاتـە کۆمەڵایەتیـی و ئابوورییـەکان. ڕێبـەر ئاپـۆ سیسـتەمی سـەرمایەداریی، بـە تایبـەت مۆدێلی ئەنگلۆ-ساکسـۆن، وەک سیسـتەمێکی تاڵان و بڕۆ دەناسـێنێت کە بۆ شـاردنەوەی سرووشـتی ڕاستەقینەی، ماسکەکانی ڕێنیسانس، ڕیفۆرمەیشـن و ڕۆشـنگەریی لەخـۆ کـردووە.

جەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە سـەرمایەداریی بەڕۆژەڤکردنـەوەی سیسـتەمی کاسـتە، کـە لـە مێژووی مرۆڤایەتییـەوە لـە ١٥,٠٠٠ پ.ز بوونـی هەبـووە. ئـەو ‹›بکـوژی کاسـتیی وەک ئـەو هێـزە دەستنیشـان دەکات وا ژیانـی مرۆڤـەکان دەکاتـە موڵکـی دەسـەڵاتداران››، ڕەخنـە لـە مارکس دەگرێـت کـە درکـی بـە ‹بنیـادی کاسـتیی› نەکـردووە و بـەو هۆیـەوە پێناسـەی چینایەتییەکـەی مارکس ناتـەواوە، هەروەهـا دەسـتەواژەکانی وەک ‹زێدەبەهـا› بـە داهێنـراوی ئابووریـی- سیاسـەتی ئینگلیز دەزانێت. هـاوکات لەبارەی پەراوێزخسـتنی ژن لـە سـەرهەڵدانی کێشـە کۆمەڵایەتییەکانـدا، ڕێبـەر ئاپـۆ دەڵێـت: «بناغـەی کێشـەکە پشـت بـە جیاوازیـی چینایەتیی مارکس دەبەسـتێت. بەڵام بە

بڕوای من جیاوازیی چینایەتی نییە، بەڵکوو جیاوازیی ڕەگەزییە».

ڕێبەر ئاپۆ، دەوڵەت-نەتەوە و پیشەسازییش، وەک ئامرازێک بۆ مانەوەی نوخبەی کاستیی دەبینیت. هاوکات دەرکەوتنی ئیسلام بۆ دژایەتیی سیستەمی کاست دەبینێت، بەڵام سەرمایەدارانی ڕۆژئاوا بە ‹پاشماوەی کاستیی› و نوێنەرانی کۆتایی ‹مرۆڤخۆریی› دەزانێت و لەمبارەوە دەڵێت: «مرۆڤخۆریی بۆ بکوژی کاستیی، شێوازی دابینکردنی بژێوییە، ئابووریی بژێوییە. ئێمە بەم کۆمەڵگەیە دەڵێین، کۆمەڵگەی کاستیی». هاوکات تیشکی خستووەتە سەر ئەو خاڵەی کە سەرمایەداران مرۆڤی داهێنەر نین و لەمبارەوە دەڵێت: «ئەو نزیکبوونەوە و وتانەی کە سەرمایەداران بە داهێنەر دەبینن، هەڵەن. لەم بابەتەدا، مارکس هەڵەیەکی گەورەی کردووە. من ئەمە ڕەخنە دەکەم. نابێت مرۆڤ پێشکەوتنی زانست، پیشەسازیی و دەوڵەت بکاتە موڵکی سەرمایەدار و وا نیشانی بدات».

لە کۆتاییدا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە چەمکی مۆدێرنیتە شارستانییەتی نوێیە، بەڵام نوێنەرانی کاست لەژێر ناوی سەرمایەدارییدا «ناوەوەی مۆدێرنیتە بەتاڵ دەکەنەوە». تێکەڵکردنی مۆدێرنیتە و سەرمایەداریی لەلایەن مارکسەوە بە هەڵەیەکی گەورە دەزانێت.

وەک ڕێچارەش، ‹سیستەمی دیموکراتیی› پێشنیار دەکات کە لەسەر سێ پایەی سەرەکیی دامەزراوە:

١- نەتەوەی دیموکراتیی: دژی دەوڵەت-نەتەوە، دیموکراسیی دەکاتە بنەمای نەتەوەیی و ڕێز لە فرەچەشنیی دەگرێت، ئەمەش وەک چارەسەرێک بۆ کێشە نەتەوەییەکانی وەک پرسی کورد.

٢- پیشەسازیی ژینگەیی (ئیکۆ-ئیندوستری): دژی پیشەسازیگەرایی سەرمایەدارییە، تێکۆشان بۆ ئافراندنی ئابوورییەکی ژینگەدۆست دەکات؛ تا پێویستییەکانی بەردەوامیی ژیان دەستەبەر بکات.

٣- کۆمەڵگەی دیموکراتیی/کۆمەڵگەخواز: دژی سەرمایەدارییە، کۆمۆن و کۆمەڵگەی دیموکراتیی بە بنەمای کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان دەزانێت و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ڕەت دەکاتەوە.

سەبارەت بە بوونی کورد و کوردستان، ڕێبەر ئاپۆ دیدگایەکی کۆمەڵناسیی مێژوویی بۆ تێگەیشتن لە بوونی کورد بە پێویست دەزانێت و لەمبارەوە دەڵێت: "پێویستە لە چوارچێوەی کۆمەڵناسییدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. چونکە ئەگەر کۆمەڵناسیی و مێژوو نەبێت، نە دەتوانین پێشی خۆمان ڕوون بکەینەوە نە دەتوانین باسی چارەسەر بکەین". هەروەها تیشک دەخاتە سەر پرسی 'ئۆنتۆلۆژیای کورد' و 'ئەنترۆپۆلۆژیای کورد' لەمبارەوە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: "هەردووکیان دیسپلینن و فێرکەرن. ئۆنتۆلۆژیای کورد، واتە زانستی بوونی کورد؛ ئەم چەمکە، چەمکێکی ڕاستەقینەیە. وەک بوون، کورد ڕاستییەکی زۆر دێرینی هەیە". بۆیە ڕێبەر ئاپۆ خەرابەڕەشکێ (گۆبەکلی تەپە) وەک لانکەی مرۆڤایەتیی و پەرەسەندنی زمان و هۆز و کاستەکان دەستنیشان دەکات و دەڵێت: "ئەگەر مێژوو لە خەرابەڕەشکێوە دەست پێ بکرێت، ئەو کاتە خەرابەڕەشکێ دەبێتە لانکەی ئۆنتۆلۆژیای کورد". ڕەخنە لە دیدگا نەتەوەپەرەستیی و سۆسیالیزمی بنیادنراو دەگرێت. هاوکات باسی ڕۆڵی ژن-دایک لە درووستبوونی زمان و کەلتوردا دەکات و دەڵێت: "زمان لە دەوروبەری ژن-دایک پەرە دەسێنێت. کەلتووری

ژن-دایک لەم هەرێمەدا کۆ بووەتەوە و دەرکەوتووە". دواتر تیشک دەخاتە سەر ئەو شەڕە ڕەگەزییەی بە سەرکەوتنی پیاو-دەوڵەت بە سەر کۆمەڵگەی دایکسالارییدا، سەر دەکەوێت و هۆکار و لێکەوتە نەرێنییەکانی شی دەکاتەوە.

لە درێژەی پرسی کوردا ڕێبەر ئاپۆ، کورد لە چاویلکەی 'مێژووی پرۆتۆکورد' و 'مێژووی پێچراوە" (لەژێر ناسنامەی فارس و تورک) و سەردەمی دوور و درێژی نکۆڵییدا، کورد هەڵدەسەنگێنێت و لەمبارەوە دەڵێت: "لە ٥٠٠ی پ.ز زەردەشتی میدیا پەرە دەسێنێت. فارسەکانیش زەردەشتییەت دەخەنە ژێر خزمەتی ئەرستۆکراتیی خۆیانەوە". ڕێبەر ئاپۆ پێی وایە 'ئەقڵی کورد' پێویستی بە پەرەپێدانە و دەڵێت: "خەمی من پەرەپێدانی ئەقڵی کوردە. چل ساڵە بە شەڕ و قیامەت من گەیشتمە ئێرە. پەرتووک نەما کە نەمخوێندبێتەوە، پڕوپاگەندە نەما کە نەمکردبێت؛ بۆیە لایەنی کەم با ماندووبوونمان بە فیڕۆ نەچێت. من گەیشتمە ئەم ئەنجامە؛ ئایدیۆلۆژیایەکی کوردیی قووڵ و کاریگەر درووست کرا. ئەو ئەرکەی ئێمە لەمڕۆدا دەخوازین سەری بخەین، پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژیای کوردە".

هەرچی بەشی شەشەمی پەرتووکەکەشە تایبەت کراوە بە پەکەکە، ڕێبەر ئاپۆ دامەزراندنی پەکەکە بە دەستکەوتێکی مێژوویی دەزانێت کە 'هەبوونی کورد'ی سەلماندووە، بۆیە ڕێبەر ئاپۆ "دەڵێت: "مێژووی پەکەکە، مێژووی سەلماندن و بنیادنانی هەبوونی کوردە". ئاماژە بەوە دەکات کە پەکەکە وەک وەڵامێک بۆ دۆخی نکۆڵیی و 'مێژووی نەبوون'ی کورد درووست بووە، بەڵام پێویستە بەپێی باری هەنووکەیی کورد بگۆڕێت. لەمبارەوە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: "چونکە

سۆسیالیزمی باو ناتوانێت ئازادیی بەدەست بهێنێت و تێکۆشانی چەکداریی بۆ دەوڵەت-نەتەوە لە سەردەمی نوێدا وەڵامدەرەوەی ئازادیی نییە"، هاوکات لەبارەی هەڵوەشانەوەی پەکەکەوە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: "لەبەر ڕاستیی سۆسیالیزمی باو، هەمیش لەبەر تێپەڕاندنی نکۆڵیی و ژینۆساید لە کوردستاندا، پێویستییەکی وا نەماوە".
ڕێبەر ئاپۆ ڕەخنە لە پارتە کلاسیکەکان دەگرێت کە بە پێوەری "دەوڵەت-نەتەوە" بیر دەکەنەوە و 'نەتەوەی دیموکراتیی' پشتگوێ دەخەن. پێشنیاری 'کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستان' و "یەکێتیی دیموکراتیی کوردان' دەکات وەک نزمترین ئاستی چارەسەر، نەک دەوڵەتێکی فیدراڵیی بۆ یەک-دوو خێزان.

قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سیستەمی کاستی بکوژ، چینایەتیی ئەرستۆکراتیی، دەسەڵاتی پیاو، خێزانگەریی، ئاینپەرەستیی و دەوڵەت-نەتەوەکانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەم سیستەمانە، کە بە سایکس-پیکۆ دامەزران، مایەپووچ بوون. ڕێبەر ئاپۆ بزووتنەوەی ئازادیی کوردستان وەک ئەلتەرناتیڤ دەبینێت، بەڵام پێی وایە؛ 'پەکەکە' وەک پارتێکی ڕیال-سۆسیالیست تەمەنی خۆی تەواو کردووە و پێویستە بگۆڕێت. لەمبارەوە دەڵێت: "لە سەردەمی مێژووی نوێدا بۆ تێپەڕبوون بۆ قۆناغی کۆمەڵگەی دیموکراتیی و ئاشتیی، گۆڕینی فۆرم پێویستە. ئێمە گۆڕین بۆ ئەوە دەکەین تا بتوانین هەنگاو بۆ پرۆسەیەکی نوێ هەڵێنین. هەندێک هێز لەناو دەوڵەتدا ئەمە وەک ئەوە وەردەگرن کە ئێمە خۆمان لەناو دەبەین. ئێوەش لە گۆڕینی پەکەکەوە، وەک ئەوە تێدەگەن کە بێ پاراستن ماونەتەوە. بەڵام من وا بیر دەکەمەوە

ئێمە لە قەتیسبوونێک ڕزگارمان بوو. گۆڕین، کۆتایی نییە، لە تێکۆشان و ڕێکخستندا هەنگاوە بۆ پڕۆسەیەکی نوێ. پڕۆسەی تێکۆشانی نوێ، شەڕ نییە، ئاشتییە، بنیادنانی دەوڵەت-نەتەوە نییە، بەڵکوو بنیادنانی کۆمەڵگەی دیموکراتییە".

بەشی هەشتەم و کۆتایی مسۆگەربوونی چارەسەر لە 'سیستەمی دیموکراتیی'دا خراوەتە ڕوو کە بریتییە لە:

١- نەتەوەی دیموکراتیی: ڕێزگرتن لە فرەچەشنیی و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵگە.

٢- سیاسەتی دیموکراتیی: وازهێنان لە شەڕی چەکداریی و ئافراندنی تێکۆشانی دیموکراسیی.

٣- ئیکۆ-ئابووریی: گەڕانەوە بۆ بەها کۆموناڵییەکان و پەیوەندییەکی ژینگەدۆستانە.

ڕێبەر ئاپۆ پێشنیاری 'یەکێتیی نەتەوە دیموکراتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست' دەکات وەک مۆدێلێک بۆ چارەسەری قەیرانەکان و پێداگریی لە سەر گفتوگۆی دیموکراتیی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان و گۆڕینی پارتە کوردییەکان بۆ 'پارتەکانی کۆماری دیموکراتیی'، لەبارەوە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: "ئەگەر هزری مۆدێرنیتەی دیموکراتیی نەتەوەی دیموکراتیی بێت؛ بەرجەستەبوونیشی ئامانجی سیاسییە. دەتوانین بەمە بڵێین کۆمۆنی کۆمۆنەکان، کۆمیناڵیتە، یەکێتیی کۆمۆنەکان، ئەنجوومەنی کۆمۆنەکان. نابێت ئەمە و چەمکی دەوڵەت تێکەڵ بکەین".

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،


## لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلا موحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەموزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).


www.KOMELGE.com